شیعر



هێرۆ کوردە

# خەریکە خوو بە ئەوینەوە دەگرم



پیاوێک لە ناخمدایە
هەرجارەو لەگەڵ پارچەی خەونێکم ژووان دەکات
هەر دەمەو ئێوارانێ
لەگەڵ شیعرێکم سەری مەست دەکات
نا پیاوێک نا
وەهمێکە و سەرم پڕ وەسوەسەی
عیشق دەکات
ئەفسوونێکە
دەمێک دەبێتە نیشتمانم و دەمێک مەنفام
ئەم بێدەنگییە درێژەم
تژییە لە راز و گلەیی
هێندە لە دیمەنی لەسێدارەدانی
ساتە پڕ شکۆکانی ئەڤینداری رامام
تا بووم
بە دووڕیانی ترس و گومان

وشەیەک نادۆزمەوە بۆ دڵنەوایی
ئەم ئەڤینە
لە ناو ساردوسڕی ئەم ژیانەدا
لە سنەوبەری بەر شەستەبارانێک دەچم
مات و کز و تەنیا
لە ژێر گومەزی ئاسماندا هەڵدەلەرزم
لە ژێر ئەم بارانەدا
توخوا با هەردووکمان یەک چەترمان هەبێت
تا تێر بۆنت بکەم و هەڵمی هەناسەتم بۆ بێت
بیانوویەک
بۆ درێژەدان بە ژیان بدۆزمەوە
ئەڤینت بەم شارەم دەبەستێتەوە
ئەڤینت بەم قەدەرەم دەبەستێتەوە
ئەڤینت بەم شێتییەم دەبەستێتەوە
ئەڤینت سات و وەرزەکان و..
زەمەنم بیر دەباتەوە
دڵم بەم شەلاڵ بوونە خۆشە
ئەم شەستەبارانە
پڕم دەکات لە رەنگی زەردەپەڕ و..
رەنگە ئەزەلییەکانم لەبەر دەکاتەوە
تا تۆ چی تر لەودیوی وەرزەکانەوە
شێتانە بۆم نەگەڕێیت و شەوانە تۆخ - تۆخ - دەرکەوم
دڵم بەم خەیالانە ناکرێتەوە
کە پڕیان کردووم لە تەنیایی و..
خەریکە بۆ دیدارێکت
سەد جار بمرم و بژێمەوە
خەریکە خوو بە ئەوینێکەوە دەگرم
پڕم دەکات لە حەزی (مردن)

خەریکە خوو بە خەیاڵێکەوە دەگرم پڕە لە سەرەڕۆیی
ئای لەو خەیاڵانەی
پڕیان کردووم لە (شێتی)
شەو هەر درێژ دەبێتەوە
دڵی منیش تەنگتر دەبێت
چاوم لەسەر پەنجەرەکەیە
دە لە پەنجەرەی ژوورەکەم بدە و وەرە میحرابی عیشقمەوە
با هەر لەوێوە تێت بڕوانم و..
بگەشێمەوە
خودام ئەم شیعرانە باسی چی دەکەن؟
تەفسیری کام بەشی پەنهانی من دەکەن؟
کوا ئەم شیعرانە لە من دەچن
بەسەرچوو ئەزیزم ئەو سەردەمەی عشق موعجزەی دەخوڵقاند
گوزەشت ئەو سەردەمەی
ئەڤین تەلیسمی ژووانە مەحاڵەکانی دەشکاند
تێپەڕی ئەو وەرزانەی خۆشەویستی کلیلی
دەرگا کلۆم دراوەکانی خۆشبەختی بوو
گوزەشت ئەزیزم گوزەشت
وەرزی ئەڤینداری گوزەشت
لەم وڵاتەی قەدەر بەڕێوەی دەبات
باسی ئەوینی چی بکەین؟
لەم وەرزی خوێن ڕژانە
باس و خواسی ئەوین
گەمژەییە گەمژەیی
وا هاتە پێش زەمەنی شۆڕبوونەوە
بەنێو تاریکییەکان
زەمەنی بزرکردنی ڕووناکی و..
بازبازێنە بەسەر تیشکەکانی جاویدان



ئەم ئەوینە لە قەدەرەوە دەمدات بە قەدەر و..
لە چارەنووسەوە بۆ چارەنووس
ئەوینێک لە ناخمدایە
هیچ هەسارەیەک نییە لە خۆی بگرێت
ئەوینی تۆ فێری کردووم
سڵ لە مەرگ نەکەمەوە و دەنگ هەڵبڕم و بڵێم
(مەرگم خۆشدەوێ)
ئاخر ئەوینی تۆ
بۆنی مەرگی منی لێ دێت...
ئەوینی تۆ فێری کردووم
ئێشک بۆ مەرگ بگرم
ئەمە زەمەنە
پڕە لە ئێشکگرتن
بەدیار ئەوینێکی نیوە زیندوو
هەموو..
ڕۆژێک لە نێوان تاریکی شەو و..
بوڵێڵی سپێدەکان
بۆ روخسارت- تارماییەک- شوێن پێیەکانت
سێبەرەکەت دەگەڕێم
هەنگاوەکانت ونن ـــ ون
روخساری هەموو مرۆڤەکان
دەچنەوە سەر روخساری تەم لێنیشتووی تۆ و
تۆش دەبیتە (سەراب)
خەونێکی (مەحاڵ)
دنیایەک لە (وەهم)..
حەزێک لە (ئاگر)
گەر بە خەیاڵی ئەوینی تۆ نەژیم
ئەم هەموو ترسەم لێ نارەوێتەوە

گەر هەموو
چرکەیەک نەتکەم بە گۆرانی
ئەم بێدەنگییە سەختە دەمکوژێت..
خوام...!!؟
ئادەمەکەی من سێوی حەرامی کام
بەهەشتی خواردبوو وا
فڕێت داوەتە
دۆزەخی ئەم ژیانە جەنجاڵە؟
کە ئێستا نە ئەو منی بیرماوە و..
نە منیش ئەوم پێ دەدۆزرێتەوە
خەریکە خوو بە ئەوینێکەوە دەگرم
لە سیپاڵی مەرگدایە و روحم ئاوێتەی روحی شەکەتی بووە
تازە جیابوونەوەمان
مەحاڵە ـ مەحاڵە ـ مەحاڵ
بە یەکگەیشتنمان مەحاڵتر
خەریکە خوو بە ئەوینێکەوە دەگرم
لە ئەستێرەیەکی کزۆڵە دەچێت
هەموو تیشکی دنیای بدەمێ ناگەشێتەوە
ئەوینێکە بە چەشنی تەم دام دەپۆشێت و..
لە دنیام دادەبڕینێ
لەم جەنجاڵییەدا
ڕووبارێکی نیوە لێڵ و نیوە روونە
بەسەر پەنگر هەنگاو دەنێم
بۆ ناگەم بە ئەوینی تۆ
خەریکە خوو بە ئەوینێکەوە دەگرم
دەکاتە
ئەوپەڕی مەحاڵی
ئەوسەری شێتی

دەروون پڕ و شووشە بەتاڵ
بەچی ئەمشەو سەرم مەست بکەم
زامم نزیک و ئەوینم دوور
بەچی زامانم هەتوان بکەم
تو بی خودا ئەو درۆیە بکوژن
کە دەڵێ (عاشقەکان نامرن)
ئەی ئەوە نییە تەرمی سارد و
سڕی من
هەموو رۆژێک لەسەر دەستی
شیعرەکانم تەلقین دەکرێت
ئەی ئەوە نییە
هەموو رۆژێک
ئەوین دەمکوژێت
خەریکە خوو بە ژیانێکەوە دەگرم (مردنە)
خوو بە فریادڕەسێکەوە دەگرم
دۆزەخییە
خوو بە ئەوینێکەوە دەگرم
ئەوین نییە..

هاوین و زستانی ٢٠٠٨

